نەفرەتی خودا لە دز، هێلکە دەدزێت؛ دەستی دەبڕدرێتەوە، وگوریس دەدزێت؛ دەستی دەبڕدرێتەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نەفرەتی خودا لە دز، هێلکە دەدزێت؛ دەستی دەبڕدرێتەوە، وگوریس دەدزێت؛ دەستی دەبڕدرێتەوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: نزا کردن بە نەفرەت ولەعنەت کردن لەسەر کەسێک بە مانای ئەوە دێت ئەو کەسە دوور بێت وبێبێەش بێت لە ڕەحمەتی خوای گەورە، ئەمیش نزایە لەسەر ئەو کەسەی دزی دەکات، چونکە شتێکی بچووک وەکو هێلکە یان گوریش -پەت- دەدزێت وئەمیش دەبێتە هۆی ئەوەی شتی گەورەتر بدزێت؛ بۆیە سەرەنجام دەستی ببڕدرێتەوە، وشایستەیە نزای لەسەر بکرێت بە نەفرەت لێکردن یان هەواڵدانە بەوەی ئەم کەسە نەفرەتلێکراوە چونکە دزی دەکات، وهەروەها فەرموودەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کردنی تاوانی بچووک هۆکارە بۆ کردنی تاوانی گەورە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/58245